# خۆپیشاندەرانی ئەرجەنتین شیعاری
# نا بۆ ( بوش، سەرمایەداری، ئیمپریالیزم ) یان بەگوێی جیهان گەیاند!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

ئەمرۆ رۆژی شەممە ریکەوتی 2005/11/5 خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەسی بەدژی سەرۆکی ئەمریکی جورج بوش و ریکخراوی بازرگانی ئازاد لەنیوان هەردوو ئەمریکادا، لەکاتی سەروکاری کۆبونەوەی چوارەمی ولاتانی ئەمریکای باکورو باشوردا لەشاری ماردیل بلاتا لەکەناری رۆژهەلاتی ئەرجەنتین بەبەشداری سەرانی 34 وولات و ئامادەبونی خودی بوشی سەروکی ئەمریکاو پەیوەست بونی ئەرجەنتین بەم کوبونەوەیەوە، بەریخرا ، لەکاتیکدا ئەم کۆبونەوەیە بە 8 هەزار پۆلیس و





سەرباز پاریزگاری دەکرا، بۆ هەنگاو نان بۆ دروستکردنی ناوچەی بازرگانی ئازاد، ئەم خۆپیشاندانانە چەندین شاری گرتەوە وەك شاری ماردیل بلاتا کەشوینی کۆبونەوەکەو لە بونوس ئایرس پایتەختی ئەرجەنتین و ئورگوای و فنزویلاو هەروەها لەشاری روزاریای نزیکی شوینی کۆبونەوەکە.

هەروەها لەفەنزویلا بەهەمان شیوە خۆپیشاندان کرا کە هەزاران بەرازیلی لەشاری ریودو جینیر نارەزایەتیان دەربری بەدژی سەردانی سەروکی ئەمریکی بوش کەلەچەند رۆژی داهاتودا قەرارە سەردانی ئەوی بکات.

وولاتە یەکگرتوەکان بەئومیدی ئەوەی لەو کۆبونەوەیەدا پرۆژەیەکی ناوچەی بازرگانی ئازاد لەنیوان هەردوو ئەمریکادا بەوجود بهینی کەناسراوە بە ( ئیفتا ) کەبەپیی ئەو پروژەیە سنوری گومرگی نیوان کەندا تا شیلی نەهیلی، کەلەویدا بەرزازیل و فنزویلا مخالف بون بەلام پارگوای ئۆرگوای ئەرجەنتین لایەنگری نەتەوە یەکگرتوەکان مانەوە. کە تەرحی دروستکردنی ( ئیفتا ) دەگەریتەوە بۆ کاتی کوبونەوەی میامی کە لەسالی 1994 لە وولاتە یەکگرتوەکان بەسترا.

ئەگەر چی لەسەر ناوچەی بازرگانی ئازاد لەنیوان هەردوو ئەمریکادا ناکۆکی هەیە کە وولاتە یەکگرتوەکان و مەکسیك و کەنداو ولاتانی ئەمریکای ناوەراست و کاریبی و شیلی لایەنگری ئەوەن بۆ ریکەوتن لەسەر ناوچەی ئالوگوری ئازاد لەسالی 2006 وە، بەلام لەلایەن فنزیلا و هەندی ولاتی ترەوە رەفز کراوەتەوە، بەلام هەندی لەسەرانی بەشدار بوی ئەو کوبونەوەیە ئەمەیان بەهەنگاویکی روو لەپیش نرخاند.



شافیزومارادونا بەدژی سیاسەتی ئەمریکان

خۆپیشاندەران نارەزایەتی خۆیان دەربری بەوەی کەسیاسەتی بازاری ئازاد، ئەبیتە هۆی هەژاری ملیۆنی لەخەلکی ناوچەکە، بۆیە ئەو کوبونەوەیە بەشیعارات و حەرەکاتی توند روو بەروو بووەوە، بەبەرزکردنەوەو دانی شیعاری نارەزایەتی بەدژی سیاسەتی بوش و سەرمایەداری زۆر بەرجەستە بوو.

سەرەتای خۆپیشاندانەکە بە ئاشتی دەستی پیکردو هاوکاتی دانی شیعاری

دەرچونی هیزەکانی ئەمریکا لە عیراق و ئەفغانستان داوای دەرچونی هەر ئیستای بوشیان کرد لەئەرجەنتین.

هەروەها سەرۆکی فەنزویلی هوجو تشافیزو یاریزانی بەناوبانگی تۆپی پیی پیشوی ئەرجەنتینی دییجو مارادونا بەشداری ئەم خۆپیشاندانەیان کردو بەدژی سیاسەتی بۆش و ئەمریکاو ولاتانی هاوبەشی ئەم قمەیە بوون، کە لەم رووەوە سەرۆکی فنزویلی پیشتر بەرۆژنامەوانەکانی راگەیاندبوو کە ناوچەکانی بازرگانی ئازاد لەنیوان هەردوو ئەمریکا لەگۆردەنین و ( ئیمپریالیزم ) ی ئەمریکی تیکدەشکینین. هەروەها ئەمرۆ سەرۆکی فنزویلی لەکاتی قسەکردنیدا بۆ خۆپیشاندەران کەلە مەیدانی وەرزشی تۆپی پیٚ کۆبونەوە ووتی : بەتەنها بەیەکیتی ریزەکانمان ئەتوانین بەئیمپریالیزم تیشکینین و ژیانیکی باشتر بۆ گەلەکەمان دابین بکەین.

هاوکات لەنیزك شوینی کۆبونەوەکە لە مار دیل بلاتا خۆپیشاندەرانیك بە شیعاراتی نا بۆ بوش، نا بۆ سەرمایەداری و نا بۆ ئیمپریالیزم دەنگی خویان گەیاندە هەموو میدیاکان.



لەهەندی شوینی ئەم خۆپشاندانە پیکدادان لەنیوان پۆلیس و خۆپیشاندەران رویداو هەندی شوین لەبانکەکان کەوتنە بەر هیرشی خۆپیشاندەرانەوە، ئەگەرچی پۆلیس دەستی بردبوو بۆ گازی فرمیسك و گرتنی دەیان کەس لەخۆپیشاندەران بەلام توندو تیژی لەهەندی جیگا هەر ئیدامەی هەبوو هاوکاتی دانی شیعاراتی دژی بوش و سەرمایەداری.

لەم کۆبونەوەیەی سەرانی ولاتانی سەرمایەداری و سیاسەت داریژەرانی دیموکراسی و بازاری ئازاد و هینانی شەرو کوشتار کەنەخشە بۆ سەرمایەکانیان دادەریژن لەلایەك و خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەسی بەدژی سیاسەتی بوش و سەرمایەداران و شەرو کوشتاریان و دیفاعی ئەم ریزە فراوانەی خۆپیشاندەران لەبەرژەوەندیەکانی ریزی ملیۆنی خەلك لەلایەکی تر بەرۆشنی ئەوە نیشاندەدات کە دوو بەرە هەیە، کەبەرژەوەندی و هەلومەرجی ژیان و گوزەرانیان جیاوازە کە کۆبونەوەو نەخشەو پیلانەکانی بوش و سەرانی دەولەتانی سەرمایەداری و هەموو هاوپەیمانان و گوی لەمستی ئەمریکا لەژیر ناوی دیموکراسی و بازاری ئازادا هیزی خۆیان دەسەپینن و ریزی ملیونی خەلك برسی دەکەن. ئیتر ئەمە بەدەردی خەلکی بەش مەینەت و ئازادیخواز و ئینساندۆست ناخوات و رۆشنە بۆ خەلکی کەجیا لەفەقیری و هەژاری و نەگبەتی بۆ زۆرینەی خەلکی جیهان و هەردوو ئەمریکا شتیکی تر لەگەل خۆیدا ناهینیت.



ئــــەم کەســــە لــــەکاتی خۆپیــــشاندانەکەدا چاوپیکەوتنی لەگەل دەکریت و دەلیت : بۆش بکوژی بەکۆمەل و ئیرۆریستەو لەدنیادا کەس نایەویت، ئەبیت حەدیك بۆ کارەکانی دابنریت لەبەر ئەوەی لەهیتلەرخراپترە.

ئەمرۆ جیهان شاهیدی ئەم راستیەی سیاسەتی بۆش و ئەمریکا و بازاری ئازادو دیموکراسیەکەی بوش و هاوپەیمانانی هەن لەعیراق و کوردستاندا کەچی دیاریەکیان جگە جەنگ و کوشتار و هەژار کردنی خەلك و کردنی ناوچەکە بەشەری تیرۆریستان هیناوە، بۆخەلکی کوردستانیش روونە ئەمرۆ سات و سەودای بازرگانی ئازاد و کارو هەوالەکانی حزبە دەسەلاتدارەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هینان و پشت گرتنی گەورە بازرگانانی کوردستان و سەودایان لەگەل گەورە بازرگانانی ولاتانی ناوچەکەو جیهان هەر بەقازانجی کەمایەتیەکە و کەلەکەی زیاتری سەرمایەیە بۆیان، بەلام بو ریزی ملیونی خەلکی کوردستان جگە لەهەژارکردن و برسی کردنی زیاتر هیچ شتیکی تری بەدواوە نیە، خۆپیشاندانانەی ئەمرۆی ئەرجەنتین هەمان خواست و داوکاری و نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی رانیەو کەلارو ئاکریٚ و باقی خەلکی کوردستانە لەبەرامبەر دزی و گەندەلی و شەرو کوشتارو هەژاری و برسی کردن لەکوردستاندا، لە هەردوولادا دیاری بازاری ئازادو دیموکراسیەکەی بوشە بۆ خەلکی.